# کەماڵ شاکر ئیشی چییە؟

حەمەسەعید حەسەن

(بۆ برا خاس و بە حورمەت کەمال شاکر وەزیری تەندروستی کوردستان و سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان.) ناونیشانی باسێکە، ۲۰۰٤/۹/۱٥ لە کوردستان نێتدا، بڵاو کرایەوە. سەرنج بدەن و بزانن تەنیا لەو ناونیشانەدا چەند هەڵە و کەلێن و غەفڵەت هەنە!

(۱) براخاس، یەک وشەیە دوو لەت ناکرێت.

(۲) بەحورمەت، وەک بەڕێز، یەک وشەیە دوو لەت ناکرێت.

(۳) وەزیری <تەندروست>ی کوردستان، واتا وەزیری <لەشساغ>ی کوردستان، ئاخر تەندرروست بە مانای لەشساغ دێت، دەبوو بنووسرێت وەزیری تەندروستیی (بە دوو <ی>) کوردستان،

(٤) حیزبی شیوعیی کوردستان، تەنیا لە ئیدارەی هەولێر بەشداری لە وەزارەتدا کردووە، لە ئیدارەی هەولێریشدا وەزارەتێک بە ناوی بە <وەزارەتی تەندروستی>یەوە، نییە، ئەو وەزارەتە ناوی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتییە. (لێرەدا تەندروستی پێویستی بە دوو <ی> نییە.)

(٥) وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئیدارەی هەولێر، لە ۲۰ی کانونی یەکەمی ۱۹۹۹ەوە ناوی دۆکتۆر جەمال عەبدولحەمیدە، نەک کەمال شاکر. د. جەمال پێوەندیی بە حیزبی شیوعیی کوردستانەوە نییە.

(٦) نوێنەری حیزبی شیوعیی کوردستان، لە کابینەی چوارەمدا، حەیدەر شێخ عەلییبە، کە بە حەیدەر فەیلی ناسراوە و وەزیری گواستنەوە و گەیاندنە.

(۷) لە سەرەتادا کە کابینەی چوار ڕاگەیەندرا، نوێنەری حیزبی شیوعیی کوردستانی تێدا نەبوو، چونکە حشک دەیویست هاوزەمان لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانیشدا بەشدار ببێت و پارتی <دیموکراتی> کوردستانیش ئەوەی لێ قبووڵ نەدەکرد، ئەوە بوو تۆزێک دواتر هاوڕێیان ناچار، لە ترسی برینی مووچە و گوشاری دیکە، بە ئیدارەی هەولێرەوە پێوەست بوون. حشک گەر چی حەزی لە خورمژ بوو، وەلێ بە خەڵکی عەوامی دەگوت: بۆیە بەشداری لە ئیدارەی سلێمانیشدا ناکەین، چونکە دژی چەسپاندنی واقیعی تاڵی دوولەتکردنی هەرێمی کوردستانین.

(۸) لە باشووری کوردستان حکوومەتێک نییە ناوی حکوومەتی کوردستان بێت، ئەوی هەیە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

(۹) لە سەرانسەری کوردستاندا حیزبێک نییە، ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان بێت، کەمال شاکر سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستانە، نەک حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان.

(۱۰) تەنیا کۆنگرە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ناوی حیزب بگۆڕێت.

(۱۱) نووسەر پێش ڕووداو دەکەوێت، واتا بیری بۆ ئەو شتانەش دەچێت کە دەشێت لە داهاتوودا ڕوو بدەن، پێنج ساڵ لە دوای ڕووداوەکانەوە نابێت!

کە هەڵەکانتان دەستنیشان دەکرێن، بە جنێو وەڵام مەدەنەوە، چونکە جنێودانیش هەڵەیەکی دیکەیە.

2004. 09. 16